# مێژووی هونەری فۆتۆگرافی



**ئا: بەهرۆز حسێن**

هەرچەندە هونەری فۆتۆگرافی مێژوویێکی کورتی هەیە، بەڵام دەتوانم بڵێم شان بەشانی هونەری شێوەکاریە.

کاتێك ئادەمیزاد لە ئەشکەوتە بەردینە بچوکەکاندا ژیانی بەسەر دەبرد کە لەشێوەی کامێرای سروشتی دەچوون، بڵاوبوونەوەی تیشکی روناکی رۆژ لە درزی بەردەکانەوە، کە دەهاتە ناو تاریکی ئەشکەوتەکەو دەنیشت، وێنەی دەرەوەی ئەشکەوتو دارو درەختو جوڵەی گیانلەبەرانو تەنانەت هەتاویشی دەهێنایە ژوورەوە، لەو زەمانەدا زۆر لە رووداوەکانی ژیانی ئەو سەردەمە روون نەکرابوونەوە بۆ مرۆڤ، چونکە مرۆڤ توانای نەبوو، کاریگەری ئەو شتانەی کە لەسەریەتی بەشێوەیەکی جۆراوجۆر بسەلێنێ..

یەکەمین هەنگاو لەو بوارە نرابێ، زانای عەرەبی (حەسەنی کوری هەیسەم) بوو لە ساڵی (١٠٣٨)ی زاییندا ژوورێکی تاریکی دۆزیەوە کە لە راستیدا ئەو بۆ تەماشاکردنی رووداوی خۆرگیرانو گەردوننانسی بەکاری دەهێنا، بەڵام هەنگاوی عەمەلی لەو بوارە نرابێ، لە سەدەی شازدەهەمدا کە بەشێوەیەکی پراکتیکی ئەنجام درا، وێنەکێشانی ئیتاڵیا ژوورێکی تاریکیان بەکار دەهێنا، هەرچەندە پێشتر هونەرمەند (لیۆناردۆ داڤنشی) باسێکی چڕی ژووری تاریکی نووسیبوو، ژووری تاریك یان سندوقی تاریك تەواو تاریك تەنها لەلایەکەوە کونێکی بچووکی تێدایە، روناکی لەو کونەوە دەچێتە ژوورەوە، وێنەی بابەت لە بەرامبەر ئەو کونە پێك دێت، هەڵبەتە دەبێت هاوسەنگی لە نێوان دوری کونی سندوقەکەو لای بەرامبەری کونەکە لەگەڵ دوری بابەت لە سندوقەکەوە هەبێت، بۆ تۆمارکردنی وێنەیەکی روونو جوان، هەرچەندە وێنە بەم شێوەیە پەیدا بوو روونی رەونەقی کەمتر دەبێت، بەڵام لەم سەردەمەدا ئەم گرفتە چارەسەر کراوە، بە ئامێر یان بە بەشی روونکردنەوە (فۆکس) رێکخستنی نێوان بابەتو عەدەسە، هاوکات لەگەڵ پێشکەوتنی زانستو پیشەسازیو چاکسازی بنەرەتی لە دروستکردنی ژووری تاریکدا، کامێرا دەستی پێکرد، دانانی رۆژنەی (دایفرام) بۆ رێکخستنی بری بۆناکی لەجیاتی کونی نەگۆری ژووری تاریك، پاشان بە دۆزینەوە عەدەسە (Lens) لە ساڵی (١٥٥٠) عەدەسە دۆزرایەوە، لە سەرەتادا بۆ کزی چاو بەکار دەهات، پاشان خرایە پشتی رۆژنەی ژووری تاریك، یەکەم کەس ئەو کارەی ئەنجام دا، چاویلکەسازی فەرەنسی (جیۆڤانی دیلابۆرتا) بوو، لە ساڵی (١٥٨٩)ی زایینی دا، ئەم گەشەکردنە کلیلی بنەرەتی پەیدابوونی وێنەیەکی رونترو رەونەقدار تر دەژمێردرێت..

کوردیش وەکو هەموو نەتەوەکانی تر، مێژووی هەنگاونانی بۆ بەرەوپێشبردنی هونەری فۆتۆگرافی بە هەوڵو تەقەللای هونەرمەندی کوردو نووسەری کورد، خاوەندارێتی ئەم کارە هونەریەی کردوو هێنایە کوردستان، ئەویش (حوسێن حوزنی موکریانی)، یەکەم نوسەری کوردی نیگارکێش خاوەنی یەکەم وتارو یەکەم کتێب بە زمانی کوردی لەبارەی فۆتۆگرافو هونەری رەسم بنایتنەری هونەری چاپو نەخشەکاری گرافیك بوو لەکوردستاندا.. زۆر بەداخەوە مێژووی هاتنی نادیارە، بەڵام لە چەند سەرچاوەیەك ئاماژە بەوە کراوە کە ساڵانی سیەکان بووە.

کورتەیەك لە مێژووی تەمەنی هونەری فۆتۆگرافدا کە هەرگیز لە بیری هیچ مرۆڤێکی خاوەن ویژدان ناچێتەوە، ئەمرۆی مرۆڤایەتی لە چەرخی وێنەدا دەژی، هەر بۆیە لە فەرهەنگی رۆشنبیری خۆرئاوادا کامێرا بە چاوی سێیەمی مرۆڤ پێناسە دەکرێو فۆتۆگرافیش بە رۆشنبیری چاو دەناسرێت، بیریارێکی وەك (ماکلوات) دەڵێت: وێنە رەگەزێکی گەرمە لە بواری پێوەندی کردندا، هەڵگری وزەو توانایەکی گەورەیە لە بواری دروستکردنی پەیوەندی (Mass media) سەیردەکرێو بۆیە بۆتە زمانێکی نێونەتەوەیی، زمانێکی راستەوخۆی هەموو میدیاکان، چونکە هیچ شتێك وەك وێنە راستەوخۆ نایەتە گۆ، زمانی وێنە زمانێکە خوێندەوارو نەخوێندەوار تێی دەگەن، وەك دەڵێن هیچ شتێك بە هێندەی وێنە وشە دەوڵەمەند ناکات، تەنها بەهۆی وێنە دەتوانین دەسبەرداری هەزارەها وشە بین، چینیەکان لەمێژە وتوینە بینین هەزار جار باشترە لە بیستن، لێرەوە ئەگەر وێنە زۆرترین روبەری پەرەکانی رۆژنامەیەکی داگیر نەکرد، ئەوا دەتوانین بڵێین ئەو رۆژنامەیە بێهێزترین پەیوەندی هەیە، بەخوێنەری خۆیەوە، وێنە کۆڵەگەیەکی دەسەڵاتی چوارەمە، هیچ کۆمەڵگایەکی مۆدێرنو هاوچەرخ دەسبەرداری ئەو کۆڵەگەیە گەورەیە نابێت کە وێنە دەیگێرێت لە ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوریو رۆشنبیریو فەرهەنگیدا..

وێنە لە بواری دەروناسیدا خزمەتێکی گەورەی بە مرۆڤایەتی کردووە، پزیشکی دەروونناسی (جۆل واڵ کەر) بە رێکەوت چەند وێنەیەکی فۆتۆگرافی کە زیاتر شەقڵێکی سریاڵیانەیان هەبوو، لە عیادەکەیدا هەڵیواسیبوون، کەخۆی گرتبوونی، سەیریکرد وێنەکان زۆر سەرنجی نەخۆشەکان رادەکێشن، لێرەوە والکەر عیادەکەی کردە گەلەریەكو ستۆدیۆیەکی هونەری لە جیاتی حەبو دەرمان بەکارهێنا، ئێستاش یادەوەری شەری ناوخۆی نێوان باکوری دەوڵەمەندو باشوری جوتیارو هەژاری ئەمریکا لە یادە..



وێنە هەرگیز لەیاد ناچێت، ئەگەر هەموو ئەمریکیەکانیش لە بیریان بچێتەوە کە لە تەنها رۆژێکی ساڵی (١٨٦٤)ی زاییندا لە (Anti team) ئەمریکیەکان زیاتر لە ٢٦٠٠٠ کەسیان لە یەکتری کوشتو بریندار کرد.. (ماسیۆ برادی) کە سێ ساڵ تەمەنی خۆی لە بەرەکانی شەردا وەك وێنەگرێکی شەر بەسەر برد، لە سەدەها وێنەدا چیرۆکی ئەو شەرەمان بۆ دەگێرێتەوە کە سەربازەکان وێنەیان دەگرتو بۆ دایكو باوكو دەزگیرانەکانیان دەناردەوەو لە پشتی وێنەکاندا دەیاننوسی ئێوەمان خۆش دەوێت، لەبیرتان ناکەین، ئێمەش هێشتا لە ژیاندا ماوین... وێنەیەك چیرۆکی ئەو سەربازە لاوە دەگێرێتەوە خێزانەکەی لەگەڵ خۆیدا دەبات بۆ بەرەکانی شەرو لەوێ منداڵێکیان دەبێت..

ئەی وێنەکانی ئەو رۆژنامەنوسە بیانەی کە هاتە لوبنانو ئەو قەسابخانەیەی بۆ مێژو تۆمار کرد کە ئیسرائیلەیەکان سازیاندا لە لوبنان، هەرگیز لەبیر هیچ لوبنانیەكو هیچ مرۆڤێکی خاوەن ویژدان ناچێتەوە، وێنەکان ئەوەندە کاریگەربوون لەکاتی خۆیدا لەناو بینای نەتەوە یەکگرتوەکاندا پێشانگایەکیان بۆ کرایەوە، هەر ئەو ئێوارەیە لەسەر گەورەیی ئەو تاوانە کە لەسەر وێنەکان دیار بوو، ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان کۆبوونەوە لەسەر ئیسرائیلو بەکۆی دەنگ تاوانباریان کرد.

ئەی لە هەڵەبجەش فیلمی ڤیدیۆیی وێنەکان چیرۆکی کوشتنی شارێکیان بۆ مرۆڤایەتی گێرایەوە، وێنەی سرینەوەی سیمای ژیان لە شارێکدا وێنەی خنکاندنی پەپولەو مرۆڤو کانیو شیعر، هەناسەی ئاوو هەناسەی منداڵ پێکەوە. کێ هەیە تا ئێستا وێنەی (عومەری خاوەر) هەستو ویژدانی نەجوڵاندبێ، کێ هەیە هەرگیز ئەو چیرۆکەی بیر چێتەوە، کە (رەمەزان ئوز تورك) لە رێگای وێنەکانیەوە دەیگێرێتەوە، چیرۆکی ئەو پیاوەی کە نایهەوێ ژەهر ئەو کۆرپەیەی بخنکێنێ، کە (خودا) لە پاش هەشت کچ پێی بەخشی بوو، بەڵام (صدام حسین) لێی سەندەوە، هەرگیز نابێت مرۆڤایەتی رۆڵی ئەو وێنەگرانە لەیاد بکات، کە خزمەتێکی گەورەیان بە مێژووی مرۆڤایەتی کردووە، چونکە وێنە یادەوەریەکی تیژو زیندوی هەیە، کاتێك مرۆڤ دەچێتە ساڵەوەو پیر دەبێت، یادەوەریشی لاواز دەبێت، تەنها شتێك کە یادەوەری پیر نەبێت، وێنەیە، بۆیە خۆشترین شت لامان، کاتێك پیر دەبین، دەبینین ئەلبومی وێنەکانمانەن وێنەکانی منداڵیو لاوی، کە هیچ کاتێك قژیان سپی نابێو ددانیان ناکەوێ.

**سوود لە بابەتێکی مامۆستا فایەق حەمە ساڵح وەرگیراوە**

## ئەوکاتەی پەیکەرە هونەریەکان وەك بت دەشکێندرێن

# راپۆرتێکی وێنەیی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی رانیە









**فۆتۆ: لێدوان**

**شوێن : ناو پەیمانگای هەنەرە جوانەکانی رانیە**

## پشت کۆگای دەرمانی نەخۆشخانەی رانیە



ئەم مانگایە لە ناو کارتۆنو پاشماوەی خاشاکدا لە پاراستۆلێك دەگەڕێ



پیدەچێ بەکتریاکان گەراکانیان لێرە دابنێن